# مەتەڵی كوردی و چەند سەرنجێك

## بەشی دووەم

سەدرەددین نورەددین

واشكوتێكی پێش دەستو بەركوتێكی لێكۆڵینەوە لەمەتەڵی فۆلكلۆری كوردی دەكەین، دوو كۆمەڵە مەتەڵی بڵاوكراوە، دەخەینە تای تەرازووی شیَ كردنەوەو هەڵسەنگاندن. هیوادارم بەسنگێكی فراوانو دڵێكی گەورە وەری بگرن، دووربین لەخۆهەڵكێشانو یەكتر داكێشان. هیواو ئامانجی سەرەكیمان هەڵگرتنی خەرمانی خەباتو رەنجی باپیرانو دەوڵەمەند كردنی گەنجینەی میللەتە غەدر لێكراوو بێ پشتەكەی خۆمان بێتو هیچی تر نا... ئەم دوو كۆمەڵەیەشم هەڵبژارد چونكە بەڕێزان مامۆستا نۆرخانی غالبو مامۆستا رۆستەم باجەلان زۆر لەمێژ نییە ئەم دوو كۆمەڵەیان بڵاوكردونەتەوەو هەوڵی لێكۆڵینەوەو قووڵبوونەوەیان بەناخی مەتەڵەكاندا داوە، تاكو ئێستا لەكۆششو بەهرەو بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی بەردەوامن، لەم بەركۆڵەدا بەگوێرەی تواناو دەسەڵاتو بۆچوونی خۆم مەتەڵەكان دەخەمە بەر وردبینی لێكۆڵینەوە بەنیازی یەكالا كردنەوەو بەراوردكردنیان لەگەڵ تێكستی لەبارو ردوانتری هەمان مەتەڵ كەلەبەردەستمان دانە كەهەندێكیان تاكوئێستا بڵاونەكراینەوە، هەڵبەتە دەقی ئەم مەتەڵانەی كەمن بەراستتریان دەزانم، ئەوانیش بێ كەمو كورتی نینە، چاوەڕێی زاناو رۆشنبیرو دڵسۆزان دەكەن لەگشت كونجێكی ئەم نیشتمانە تا تەواو تریان بكەن. و پتر لێكۆڵینەوەو توێژنەوەی تێرو تەسەلیان لەبارەیەوە بكەن.

مامۆستا نۆرخانی غالب لەپەرتووكی (چەند باسێكی ئەدەبی/١٩٨٤/سلێمانی)دا لەژێر سەردێڕی (چەپكێك گوڵاڵەی رەنگاو رەنگ لەباخچەی مەتەڵی كوردی‌دا) لەلاپەڕە (٢٥-٣١)دا (٣٤) مەتەڵی فۆلكلۆری چاپ كردووە. كەپێشتر بەڕێزیان لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ/ ژمارە (٩٤) ساڵی ١٩٨٢ بڵاوی كردبوونەوە. لەژێر ناوونیشانی (چەپكێك لەمەتەڵی فۆلكلۆری)دا لەهەمان كتێبدا لەلاپەڕە (٣٢-٣٦) (٢٧) مەتەڵی دیكەی بڵاوكردووتەوەو دەفەرموێ (تائێستا شەقامەڕێی چاپو بڵاوكردنەوەیان نەدیوە). مامۆستای بەڕێزمان بۆ ئەنجام دانی ئەم كارە ماندوو بوونی كەمی نەكێشاوە. بەرووبوومی شەكەتیەكەشی شایانی رێزلێنانو دەسخۆشی‌یە. بەڵام ئێمە لەم بەركوتەدا بەهەبوونی سەرچاوەی زۆرترو كاتی پترو قوڵبوونەوەی فرەتر دەمانەوێت بەبۆچوونی خۆمان كەمو كورتیەكانیان دیاری بكەینو راستكردنەوەكانیشیان بخەینە بەرچاوان. وەك ئاشكراشە دەقی مەتەڵەكان زادەی بیری منو مامۆستای رێزدارمان نینە نامانەوێت بڵێین چەند لەم مەتەڵانەی لیستەی دوایی، كەیو لەكوێ بڵاوكراونەتەوە. چونكە تەنها مەبەستمان روون كردنەوەو دەرخستنی كەمو كورتی مەتەڵەكانە. بەڵام (٥) پێنجیان لەلیستی یەكەم بەبڵاوكراوەی پێشتر زاندراون كەچی لەلیستی دووەمدا دووبارە بەشەقامەڕێی (چاپو بڵاوكردنەوە)دا هەنگاویان ناوەو بڵاوبووینەتەوە. پێشتریش لە(رۆشنبیری نوێ ژ"٩٤"دا) لەلاپەڕە (٧٨-٧٩) بڵاوی كردونەتەوە. مەتەڵەكان بەگشتی كەمو كورتی ئاشكرایان پێوە دیارە. كەمیش سەرودشین نەكراون. ئەگەر بەدرشتی مەتەڵەكان بخوێنینەوە. هەندێك لەهەڵەكانیش بخەینە ئەستۆی چاپ. ئەم چەند مەتەڵە هەردەستەو یەخەمان دەبنو بەرۆكمان بەرنادەن.

١- (**بەوشكی لەزاری دەهاوم، بەتەڕی دەری دینمەوە**)؟ وەڵام: لغاوی ئەسپ. (ل٣٣). خۆ ئەگەر منداڵێك نوقڵێك بەووشكی بخاتە زاری بەتەڕی دەری دێنێتەوە! دەقی تەواوی مەتەڵەكە (یەكی لێ دەكەم "١". یەكی لەبن زگی رادەكەم (٢). یەكی لەبن كلكی دەنێم (٣) دووی پێوە دەكەم (٤). دووی لێوە دەكەم (٥) دووی بەسەر قونی‌دا شۆڕدەكەمەوە، بەهیشكی تێی دەنێم، بەتەڕی دەری دێنمەوە(٧؟) وەڵام (١) زین لەئەسپ دەكرێت. (٢) تەنگە كێش (تەنگبەند) (٣) قوشقونە (پارو). (٤) ركێب (ناوزەنگ). (٥) رێشمەو دەسجڵەو، (٦) گوڵنگەی پاشكۆی زین. (٧) لغاو. (حاجی محمد سلیمان شیخ بزێنی، راوچی).

(دوانت لێ هەڵكێشم، دوانت لێ راكێشم. بەوشكی تێت ئەخەم. بەتەڕی لێت دەركێشم)؟ (رۆژی كوردستان/ژ ٦٣ساڵی ١٩٨١ ل (٣٩).

(یەكێكی لێ ئەكەم، دوانی پیا بەر ئەدەمەوە. بەوشكی تێی ئەخەم، بەتەڕی دەری دەهێنمەوە) (خەرمانێك..١٩٧٧.. ل٣٧).

٢- (**بەتەڕی تێی دەنێم، بەوشكی دەری دینمەوە**)؟(ل٣٣).

ئەم مەتەڵەی سەرەوە بەبڵاو نەكراوە داندراوە بەڵام تەنها ٢/٣ی مەتەڵەكە قرتێندراوەو ١/٣ی نوسراوەتەوە كەچی پێشتر لەزۆر سەرچاوەدا بەتەواوی كەوتوونە بەرچاوان. وەڵامەكەی: هەویر (هەنگوتك بەتەڕی دەكرێتە نانو دەخرێتە ناو تەندووردوە كەبرژا ("ووشك بوو") دەری دەهێنن/ سەری تەندوردكەش سوردو گەرمی‌یەكەی سەلامەتە ئاوە قۆڵەكەش وەكو ئاگری دۆزەخ جۆش دراوە.

# مەتەڵی کوردیو چەند سەرنجێك

## بەشی دووەم

سەدرەددین نورەددین

واشکوتێکی پێش دەستو بەرکوتێکی لێکۆڵینەوە لەمەتەڵی فۆلکلۆری کوردی دەکەین، دوو کۆمەڵە مەتەڵی بڵاوکراوە، دەخەینە تای تەرازووی شێ کردنەوەو هەڵسەنگاندن. هیوادارم بەسنگێکی فراوانو دڵێکی گەورە وەری بگرن، دووربین لەخۆهەڵکێشانو یەکتر داکێشان. هیواو ئامانجی سەرەکیمان هەڵگرتنی خەرمانی خەباتو رەنجی باپیرانو دەوڵەمەند کردنی گەنجینەی میللەتە غەدر لێکراوو بێ پشتەکەی خۆمان بێتو هیچی تر نا... ئەم دوو کۆمەڵەیەشم هەڵبژارد چونکە بەرێزان مامۆستا نۆرخانی غالبو مامۆستا رۆستەم باجەلان زۆر لەمێژ نییە ئەم دوو کۆمەڵەیان بڵاوکردونەتەوەو هەوڵی لێکۆڵینەوەو فوولبوونەوەیان بەناخی مەتەڵەکاندا داوە. تاکو ئێستا لەکۆششو بەهرەو بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی بەردەوامن، لەم بەرکوڵەدا بەگوێرەی تواناو دەسەڵاتو بۆچوونی خۆم مەتەڵەکان دەخەمە بەر وردبینی لێکۆڵینەوە بەنیازی یەکالا کردنەوەو بەراوردکردنیان لەگەڵ تێکستی لەبارو رەوانتری هەمان مەتەڵ کەلەبەردەستمان دانە کەهەندێکیان تاکو ئێستا بڵاونەکراینەوە، هەڵبەتە دەقی ئەم مەتەڵانەی کەمن بەراستریان دەزانم، ئەوانیش بێ کەمو کورتی نینە، چاوەڕێی زاناو رۆشنبیرو دڵسۆزان دەکەن لەگشت کونجێکی ئەم نیشتمانە تا تەواو تریان بکەن. و پتر لێکۆڵینەوەو توێژنەوەی تێرو تەسەلیان لەبارەیەوە بکەن.

مامۆستا نۆرخانی غالب لەپەرتووکی (چەند باسێکی ئەدەبی/١٩٨٤/سلێمانی)دا لەژێر سەردێری (چەپکێك گوڵاڵەی رەنگاو رەنگ لەباخچەی مەتەڵی کوردیدا) لەلاپەرە (٢٥-٣١)دا (٢٤) مەتەڵی فۆلکلۆری چاپ کردووە. کەپێشتر بەرێزیان لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ/ ژمارە (٩٤) ساڵی ١٩٨٢ بڵاوی کردبوونەوە. لەژێر ناوونیشانی (چەپکێك لەمەتەڵی فۆلکلۆری)دا لەهەمان کتێبدا لەلاپەرە (٣٢-٣٦) (٢٧) مەتەڵی دیکەی بڵاوکردووتەوەو دەفەرموێ (تائێستا شەقامەڕێی چاپو بڵاوکردنەوەیان نەدیوە). مامۆستای بەرێزمان بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە ماندوو بوونی کەمی نەکێشاوە، بەرووبوومی شەکەتیەکەشی شایانی رێزلێنانو دەسخۆشیە، بەڵام ئێمە لەم بەرکوتەدا بەهەبوونی سەرچاوەی زۆرترو کاتی پترو قوڵبوونەوەی فرەتر دەمانەوێت بەبۆچوونی خۆمان کەمو کورتیەکانیان دیاری بکەینو راستکردنەوەکانیشیان بخەینە بەرچاوان. وەك ئاشکراشە دەقی مەتەڵەکان زادەی بیری منو مامۆستای رێزدارمان نینە. نامانەوێت بڵێین چەند لەم مەتەڵانەی لیستەی دوایی. کەیو لەکوێ بڵاوکراونەتەوە، چونکە تەنها مەبەستمان روون کردنەوەو دەرخستنی کەمو کورتی مەتەڵەکانە. بەڵام (٥) پێنجیان لەلیستی یەکەم بەبڵاوکراوەی پێشتر زاندراون کەچی لەلیستی دووەمدا دووبارە بەشەقامەڕێی (چاپو بڵاوکردنەوە)دا هەنگاویان ناوەو بڵاوبووینەتەوە. پێشتریش لە(رۆشنبیری نوێ ژ"٩٤"دا) لەلایەرە (٧٨-٧٩) بڵاوی کردونەتەوە. مەتەڵەکان بەگشتی کەمو کورتی ئاشکرایان پێوە دیارە. کەمیش سەروەشێن نەکراون. ئەگەر بەدرشتی مەتەڵەکان بخوێنینەوە، هەندێك لەهەڵەکانیش بخەینە ئەستۆی چاپ. ئەم چەند مەتەڵە هەردەستەو یەخەمان دەبنو بەرۆکمان بەرنادەن.

١- (**بەوشکی لەزاری دەشاوم، بەتەڕی دەری دێنمەوە**)؟ وەڵام: لغاوی ئەسپ. (ل٣٢)، خۆ ئەگەر منداڵێك نوقڵێك بەووشکی بخاتە زاری بەتەڕی دەری دێنێتەوە! دەقی تەواوی مەتەڵەکە (یەکی لێ دەکەم "١"، یەکی لەبن زگی رادەکەم (٢)، یەکی لەبن کلکی دەنێم (٣) دووی پێوە دەکەم (٤)، دووی لێوە دەکەم (٥) دووی بەسەر قونیدا شۆڕدەکەمەوە، بەهیشکی تێی دەنێم، بەتەڕی دەری دێنمەوە(؟٧) وەڵام (١) زین لەئەسپ دەکرێت. (٢) تەنگە کێش (تەنگبەند) (٣) قوشقونە (پارو)، (٤) رکێب (ئاوزەنگ)، (٥) رێشمەو دەسجڵەو، (٦) گولنگەی پاشکۆی زین، (٧) لغاو. (حاجی محمد سلیمان شیخ بزینی، راوچی).

(دوانت لێ هەڵکێشم، دوانت لێ راکێشم، بەوشکی تێت ئەخەم. بەتەڕی لێت دەرکێشم)؟ (رۆژی کوردستان/ژ ٦٣ساڵی ١٩٨١ ل (٣٩).

(یەکێکی لێ ئەکەم، دوانی پیا بەر ئەدەمەوە، بەوشکی تێی ئەخەم، بەتەڕی دەری دەهێنمەوە) (خەرمانێك..١٩٧٧.. ل٢٧).

٢- (**بەتەڕی تێی دەنێم، بەوشکی دەری دێنمەوە**)؟(ل٣٣).

ئەم مەتەڵەی سەرەوە بەبڵاو نەکراوە داندراوە بەڵام تەنها ٢/٣ی مەتەڵەکە قرتێندراوەو ١/٣ی نوسراوەتەوە کەچی پێشتر لەزۆر سەرچاوەدا بەتەواوی کەوتوونە بەرچاوان. وەڵامەکەی: هەویر (هەنگوتك بەتەڕی دەگرێتە نانو دەخرێتە ناو تەندوورەوە کەبرژا ("ووشك بوو") دەری دەهێنن/ سەری تەندورەکەش سوردەو گەرمییەکەی سەلامەتە ناوە قوڵەکەش وەکو ئاگری دۆزەخ جۆش دراوە.

(سەری سوورە سەلامەت، بنی قوولە قیامەت. تەڕ بەوشكی دەرامەد. صلی علی محمد). (ڕۆژی كوردستان ژ ٦٢ ل٣٩). (سەری سۆرە سەلامەت. بنی قۆڵە قیامەت. بەتەڕی تێی دەنێم، بەوشكی دەری دێنم سەڵی عەلا موحەممەد)؟ مەتەڵەكە لەچەپكێك لەمەتەڵی فۆلكلۆری كوردی ساڵی ١٩٧٨ ل٣٧و لەگۆڤاری پەروەردەو زانست ل٦٩ ساڵی ١٩٧٠ بلاوكرایتەوە. (سەرڤە هەلامەت، بنڤە قیامەت. بە تەڕیو بەمێ، بەهیشكی دنینم، صلی علی محمد)؟ (مامكین... ل٣٢).

٣- (**چوار مامم هەیە لەرۆمێ، تیران داوێنە گومێ**)؟ (ل ٣٤) مەتەڵەكە بەم شێوەی خوارەوە گوتراوە (چوار مامم هەنە لەجۆمێ. تیران داوێنە گۆمێ)؟ فاتح دارەبەنی. وەڵام كەچوار چیچلەی گوانی مانگا دەدۆشرێت شیرە سپییەكەی وەك تیر بۆ ناو مەنجەڵەكە دەچن. (چوار برا هەن لەچۆمێ، تیران داوێنە گۆمێ)؟ (خەرمانێك.. /١٩٧٧/ل١٦) (چوار برا هەنە لەچۆمەكی، تیران داوێنە گۆمەكی)؟ (فۆلكلۆری یارییەكانی../١٩٧١/ل١٧٩) ئاشكرایە جۆمو چۆم بۆ ناو گەڵو گوانی مانگا هاتووەو لێكچواندنێكی تێدایە. بەڵام (ڕۆم) ئەگەرچی بەتیر هاوێشتنو جەنگ كردن بەناوبانگ بوون بەڵام (ڕۆم) وشەیەكە دوورو نزیك پەیوەندی لەگەڵ ناو گەڵو گوانی مانگادا نییە.

٤- (**ڕەشی بنەبانێ، هەڵدێ لەكابانێ**)؟ لەهەردوو لیستی چەند باسێكی ئەدەبیو لەرۆشنبیری نوێ/ژ ٩٤دا چاپكراوە. (وەڵام: كوندە) وەڵامی ڕاستی مەتەڵەكە (كوندە) نییە بەڵكو مەبەست (هیزە)یە. كوندە جێگەی لەسەر كوندەڵانە. تا شەوبای لێ بداتو ئاوەكەی ساردببێت ((پەند: (دێمكەی كوندەی) ڕەقو ئاوی شەوی. ئاغەو كرمانج ڕێك ناكەوی)). بەڵام هێزە لەبنەبانی خانووی ماڵەوە دادەندرا مەتەڵ بۆ (هیزە) دەڵێن:

(ڕەشی لەبنەبانێ، هەڵدێنمە كابانێ)؟ (هێمن احمد عبدالرحمن).

(ڕەشەكەی بنەبانێ، خۆش خۆش دەچتە كابانێ)؟ (فۆلكلۆر/ بەشی دووەم/ ١٩٨٥/ل٩) بەڵام بۆ كوندە دەڵێن ((لەناوێ دەدرێ، لەكەیبانو (كابان) هەڵدێ))؟ (چەند باسێكی ئەدەبی... ل٢٩) وەگوتراوە (لەناوێ دەردێ، لەباوكت هەڵدێ)؟ (ڕۆژی كوردستان ژ ٦٢ ساڵی ١٩٨١) وەدەڵێن (یەكی ڕەشی بەموو، لەناوێ دەرچوو. سواری پشتی دایكت بوو) (عەیشێ عەزە كوردە) وەك لەمەتەڵەكان ئاشكرایەو پێشتریش دیارمان كرد كەدەڵێن هەڵدێتە كابانێ مەبەست ڕاكردن نییە، بەڵكو سوار بوونە (پەند: فلانەكەس گیسكە نێرە هەڵدێتەوە دایكی خۆی) بەڵام بەپێی دەقی ناوبراو (هەڵەی لەكابانێ) واتەكەی وادێتە بەرچاو كە لەدەست كابان هەڵدێتو ڕادەكات.

٥- (**گیان لەبەرە مووی نییە، خواردنی هەیە ڕی نییە**)؟ (ل٣٦) وەڵام (گەنە) ئەم دەقەی خوارەوە ڕاسترە كەدەڵێن (گیان لەبەرە مووی نییە، دەمی هەیە قوونی نییە. خواردنی هەیە ڕیتنی نییە)؟ (حسین عبدالله حاجی یاسین/ هەولێر).

یان دەڵێن:(هۆ هۆ! هۆی نییە، چەرمۆكەیە مووی نییە. خواردنی هەیە گوی نییە)؟ (سعدالله شێخانی). خواردنو ڕیتن دوو كرداری بەیەكەوە بەستراون لەگیانلەبەرە باڵاكاندا. وشەكان دژیەكنو جوانیو ڕەوانی بەمەتەڵەكە دەبەخشێت. بەڵام خواردنو ڕی (ئەگەر ڕی بەرەگی كرداریش دابنێین ئاوەڕۆكو ڕوخساری مەیلەكە دژێو دێتەبەرچاو.

٦- (**لەدووازدان یەك حەرامە**)؟ (٣٦). (وەڵام: ڕەمەزان) كورت كراوەیە لەمەتەڵی (دوازدە كوزە گندۆرەی (كالەكی) ساڵ. یەك حەرامەو یازدە حەڵاڵ). هەروەها نووسراوە (دوازدە گندۆرە. یەكی حەرامە) (گوڵبژێرێك..ل٧٥) ساڵێك دوازدە مانگە. مانگی ڕەمەزان خواردن حەرامە.

٧- (**بەسێ برا دۆخینەكیان هەیە**)؟ (ڕۆشنبیری نوێ ژ ٩٤ ل٧٩). وەڵام: (سێ پای مەشكە) دەقی مەتەڵەكە جوانترە (بەسێ برایان مێزەرێك، بەدوو كونان گێزەرێك)؟ (زرار خضر رسول) وەڵام: (سێپێكو لوولەپو ناو دۆكی مەشكە) هەروەها بە(بەسێ برا كلاوێكیان هەیە) لە(خەرمانێك... ١٩٧٧/ل٢٨) بلاوكرایتەوە. بەسێ برایان مێزەرێك، كلاوێك، جامانەیەك بۆ سێپێك دەڵێن چونكە سێ پا لەسەرەوە بەیەكەوە دەبەسترێنەوە. لەناو قەدرا نابەسترێت هەتا ئەگەر دۆخینیش بەكار بێنن. بەندۆخین بۆ ناو قەد بەستن دروست كراوە. مێزەرو جەمەدانیش بۆ سەربەستن بەكاردێن. هەروەها (بەسێ برایان مێزەرەك)؟ (فۆلكلۆر ب٢ ل١٤) بۆ فەرشە (خوان) گوتراوە جوانتریشە كەگوتویانە (بەسێ برایان مێزەرەك، بەدوو خوشكان گێزەرێك)؟ سێ برا، سێ پێچكەی فەرشەیە، مێزەر، پانی خوانەكەیە كە لەسەر هەر سێ برایانە. دوو خوشك، هەردوو دەستی خاتونی ئانكەرە. گێزەرەكەش تیرۆگە. بۆ سێپێك ئەم مەتەڵەش دەڵێن (سێ پێی شەش گوێ)؟ چونكە زۆربەی داری سێپێك داری دوو گوێیە (دوولكە) تا لەیەكدی نەترازێن وەك بەكۆڵەگەی دوو گوێ دەڵێن (یەك پێی دوو گوێ)؟ وە بۆ هەر زاڵەش گوتراوە (چوار پێی هەشت گوێ. بار هەلگری جۆنەخۆر)؟

٨- (**دارەوەنێ، لەسەر كەنێ، شێخو مەلا دەستی پێوە ئەگرێ**)؟ (ل٢٧) وە لە(ڕۆشنبیری نوێ ژ٩٤ل٧٩) وەڵام: لووت!. بەراستی لووت برینیش هەر ئەوها دەبێت سەیری دەقی تەواوی مەتەڵەكە بكەین كەپێشتر چەند جار بلاوكرایتەوە (دارەبەنێ، لەسەر بەنێ، میرو حاكم دەست دەكەنێ)؟. (دارە بەنێ لەقەد كەنێ، شێخو مەلاش دەست دەكەنێ)؟ (صباح اسعد خۆشناو) یا (دارە

بەنێ لەقەد کەنێ، شێخو مەلا دەست نەدەنێ)؟ (رۆژی کوردستان ژ ٦٢) (کۆڵەبەنێ، لەبن بەنێ، میرو حاکم دەست لۆ بەنێ)؟ (کاروان ژ ٤٨ ل١١٣) (دارەبەنێ لەگوێ کەنێ، شێخو مەلا دەستی دەنێ)؟ (خەرمانێك/ ١٩٧٧/ل١٢) ئەگەر بەووردی سەرنجێکی ئەم مەتەڵە بچکۆڵەیە بدەین زۆر شتی گەورەمان بۆ دەخوێندرێتەوە. بەدەسکاری کردنی هەر پیتێك یا ووشەیەك زۆر شتمان لەدەست دەچێتو بۆمان نادۆزرێتەوە، دارە بەن، سەربەن (بان، زەوی یانو بەرز. بانی چیا)، قەدکەن، میرو حاکمو شێخو مەلا. دەست دەکەنێ (دەست دەدەنێ) چەند وشەیەکی کەمن. شتی زۆریان لەناودا حەشار دراوە، جگە لەوەی کەبەزمانێکی پاراوو ئاوازێکی هەڵبەستراوە. دارەبەن: (دار بنێشت، دار قەزوان، کەسکوان، کەزان) دارێکە لەقەدپاڵو سەربەنو تەلانی هەندێك ناوچەی وڵاتدا بەسروشتی دەڕوێت. دانیشتوانی مەڵبەندەکەش بەکۆکردنەوەی بنێشتە تاڵو قەزوان رنین لەدارەبەنو مازوو گروانو بەڕوو جەفت لەدار مازوو دار بەڕوو کرۆسك (هەرمێ کیویلکە)و گوێژ (گێوز) کۆکردنەوە بۆ خواردنو سوود لێ وەرگرتنیان یا پێویستییەکانی ژیانی ساکارو سادەیی خۆیان پێ دابین دەکرد. بەتایبەتی هەژارو رەشو رووتەکانی کەخاوەن موڵكو ماڵات نەبوونو دەرفەتی کارکردن کەم بوو. بەڵام چیاو دارەبەنو دار مازوو کەنگرۆكو... موڵکی گشتی بوو بۆ هەمووان بێ پەنگانەوە بوو. دیارە دەست کردنە دارە بەن بۆ جاجگە تاڵو کەسکوان کۆکردنەوەی بۆ میرو حاکمو شێخو مەلایان ناشێو لەوانیش ناوەشێتەوە، بەڵکو کاری چینی رەنجدەرو رەشو رووتە. کەدەبێ بۆ خۆیانو بۆ میرو حاکمو شێخو مەلاو برا گەوران کۆی بکەنەوەو ئەرکی دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی خۆیانو ئەوانیان لەئەستۆدا بێ. لێرەدا سەرسوڕمانێك هەیە، چۆن دەبێ مەلاو شێخ دەست بدەنە دارەبەن!

٩- (**ئەگەر عاقڵی، عاقڵ داری خۆت لەبیرە، لەهەموو تەیران چ تەیر بەشیرە**)؟ (ل ٢٦) وەڵام (شەمشەمە کوێرە).

چەند رێكو ئاواز دارترە کەگوتراوە (ئەگەر ئاقڵ داری ئەقڵت بەگیرە. لەناو مەلاندا کامیان بەشیرە)؟ خەرمانێك..٩٧٧/ل٢٠).

(گەر ئاقڵداری، ئاقڵت لەبیرە، لەهەموو تەیران کام تەیر بەشیرە)؟ (فاتح).

(چەپکێك مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی). (مەتەڵی فۆلکلۆری کوردیو پەیوەندی بەئەدەبو هونەری تەمو مژاوی ئەمرۆمانەوە). ناوونیشانی ئەم کۆمەڵە مەتەڵەیە کەمامۆستای رێزدار رۆستەم باجەلان کۆی کردوونەوەو دابەشی کردووەو، لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە. سێ جار کۆڕ بۆ ئەم چەپکە مەتەڵە بەستراوە. سێ جارانیش بەچاپ کردن بڵاوکراوەتەوە لە:

١- گۆڤاری کاروان ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٨٣ کورتەیەکی بڵاوکراوەتەوە.

٢- فۆلکلۆر/ بەشی دووەم/ هەولێر/١٩٨٥ لەلاپەڕە (٢٨ ٤٥).

٣- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦ لەلاپەڕە (٢٣٣ ٢٤٠).

مامۆستا زۆر بەدوای کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەیان شەکەت بووە، من لەنزیکەوە دەزانم کەوا لەسەرەتای مامۆستایەتیدا لەناوچەی باڵەکایەتیدا خولیای ئەم کارە بوو. چەند ناوچەو چەند گوند گەڕاوە. مەتەڵەکانیش فۆلکلۆرینە. لەم زارو ئەو زار گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەپێی زیرەکیو بۆچوونو شێوە زمانی ناوچەو کەسەکان. ئەگەر ئەوانە لەپێش مندا مەتەڵوکیان کۆنەکردبایەوەو بڵاویان نەکردبایەوە. منیش ئەم دەتوانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەم. هەندێك لەو مەتەڵانە. پێش بڵاوکردنەوەیان لەلایەن مامۆستا باجەلانەوە چەند جاری دیکە بڵاوکراونەتەوە. کەم کورتیو شێواندنی مەتەلۆکە فۆلکلۆرییەکانی مامۆستا بڵاوی کردوونەتەوە بەپێی دەسەڵاتو تواناو بۆچوونی خۆم وا لەخوارەوە تۆمار دەکەین. پاش بەراورد کردنیان لەگەڵ دەقی راستو پوختو گونجاوتر. ناتەواوییەکانیش بەسەرچاوەو بەڵگەی چەسپێنەر تیشك دەخەینە سەر.

١ (سێ پێ لەبانان دەبەزی. بۆ قەو پێت نالێم)؟ (رۆشنبیری نوێ ل ٣٣٨).

(فۆلکلۆر ل٤٠). بۆقی سێ پێ یا گیانەوەری سێ پێ لەسەر هیچ بانێکی ئەم وڵاتەدا نەبینراوە!. دەبێ پیرە مێردی دەست بەگۆچان کرابێتە بۆق مەتەلۆکەکە دەڵێ:(چوار پێی قوتەکە "قوندەکە" لەبانان رادەکا، بۆقەو پێت نالێم)؟ (زاری مولود عزیز) (قوندە: بێ کلك) هەروەها دەڵێن (چواری چەقە. دووی زەقە، بۆقیشەو پێت نالێم)؟ بڵاوکردنەوەی دەقی فۆلکلۆری بەبێ سەرەندو گێژکە کردن، بەبێ بێژینگو تەتڵە کردن بەبێ زیوان شۆرکردن بەرهەم بێ پێزو کرچو کاڵو زۆرو بۆر دەکات.

٢- (ئاشەوان دەگەڵ ژنەکەی، ئاشگێڕ دەگەڵ خوشکەکەی. ئەم چوارەی سەرەوە بۆ شووتی کڕین دەچنە بازاڕی کەرکوك. لەئەنجامدا تەنیا (٣) سێ شووتی دەکڕن بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هەریەکەو شووتیێکی وەبەر دەکەوێت)؟

(وەڵام): ژنی ئاشەوان خوشکی ئاشگێڕە) (فۆلکلۆر..ل٣٦). ئەوەی من بیزانم ئاشگێڕ ئاشەوانە، هەر ئاشەوانەو ئاش دەگێڕی. دەقی ئەم مەسەلۆکەیە لە(رۆژی کوردستان ٦٢) پێنج ساڵ پێشتر بەم جۆرە بڵاوکرایەتەوە (ئاشەوان بەخۆو بەژنەوە. باراش هار بەخۆو بەخوشکەوە. سێ کولێرەیان هەیە هەریەکەش

كولێرەیەكیان بەرنەكەوێت)؟ (خوشكی باراش هارِ خێزانی ناشەوانە).

٣ (حەلوای سەر بنجی دەخۆی یان گوی مێرەقنجی)؟ (فۆلكلۆر..ل٣٩) ئەم مەتەڵە چەند قنج ترە كەدەڵێ: (دەخۆی حەلوای سەر پنجی، یان گوی مێرووە قنجێ)؟ (زرار خضر رسول) لەم دوو دەقەدا تەنها یەك پیت كەم‌و زیادی تێدایە جگە لەگۆڕینی شوێنی وشەكان، بەڵام جیاوازی‌یەكی گەورە هەیە لەم دوو دارشتنەدا، لەواتاو لەرێك‌و پێكی‌و ناسكی‌و سەروای دەقەكە. مێرە قنج هیچ خزمایەتی‌و پەیوەندی لەگەڵ مێش هەنگوین‌دا نی‌یە، بەڵام ئاشكرایە كەهەنگ مێرووێكی خنجیلەی سوودبەخش‌و خۆشەویستە. بەم شێوەیەش گوتراوە: (دەخۆی شەكری سەر پنجێ. یان گوێ قەڵاسنجێ)؟. وەڵام: حەلوای سەر بنجێ (شەكری سەر پنجێ) مەبەست گوو سەگە لەسەر پنجی رووەك. گوی مێرووە قنجێ (هەنگ) یا (قەلا سنجێ: كەدێ‌یەكە لەقەدپاڵی چیای سەفین‌و بەهەنگ بەخێو كردن ناوبانگی دەركردووە، مەبەست هەنگوینە، كەوا باوە كەهەنگوین گوی هەنگە. بەڵام ناوەڕۆكی مەتەڵەكە لەرووی زانستەوە راست نی‌یە، چونكە هەنگوین لەقنگی هەنگەوە دەرناچێ، بەلكو لەدەمی‌یەوە دەردێ‌و خۆی دروستی دەكات لەشیلەی ئەم گوڵانەی كەدەیمژێت. مەتەڵ هەڵهێنە كە لەكاتی بیركردنەوەی‌دا، لەهەڵبژاردنی دوو شت (گو، حەلوا) حەلوا = شەكر بەشتێكی خۆش‌و خاوێن دەزانێت. گوی مێرووە قنجی بەناشیرین‌و پیس‌و ناخۆش دەزانێ، لەوانەیە، حەلواكە، كەدەكاتە گو سەگەكە هەڵیبژێرێت‌و تێبكەوێت‌و دەبێتە گەپجاڕی‌و پێكەنین، ئینجا بۆی دەردەكەوێت كە لەهەڵبژاردنەكەدا تێ كەوتووە.

٤ (زەردی زەعفەران، نام لەوشتران، بردیان بۆ كافران)؟ (رۆشنبیری نوێ ژ ١٠٩ ل٣٣٥) وەڵام: تورتن. كەچی بەرای من ئەم تێكستە راستترو كوردانە ترە (زەردی زەعفەران، باردەكەن لەهێستران، دەیبەنە ناو كافران)؟ یا (زەردی زەعفەران، نام لەنێستران. بردم بۆ شاری كافران)؟ (خەرمانێك.. ل٢٢) چونكە توتن پاش دۆزینەوەی جیهانی نوێ لەلایەن كۆلۆمبسەوە بەهۆی گەمیەوان‌و گەڕیدەكان بڵاوبوویتەوە، لەوڵاتی ئێمەش چاندن‌و بەكارهێنانی تووتن (دواتریش تەماتەو پەتاتە كەلەخێزانی رووەكی باینجانی‌ینە Solaneceae) رابردوێكی كۆنی نی‌یە، تا سەردەمی سوڵتانی عوسمانی (مرادی چوارەم) تووتن وەك تریاكی ئێستا سەیر دەكرا، هەر كەسێك جگەرەی بكێشابوایە، فەرمانی كوشتنی درابوو. بەڵام لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی دووەم فەرمانەكە هەڵگیراو باج لەسەر تووتن داندرا، لەو كاتەشەوە تاكو ئێستا كەوشەنی كوردستان لەو شوێنانە نەبووە كە ووشتر بار هەڵگری سەرەكی كاروانچی‌یەتی‌و بازرگانی‌یەتی بووبێت. تا تووتن بۆ كەنار دەریاو كارگەكانی جگەرە بگوێزێتەوە لەئەوروپا. ووشتر هۆی گواستنەوەی خوێ‌و خورماو.. بوو لەبیابان‌و دەشتە پانەكاندا، كەبارهەڵگرێكی چاكەو بەرگەی تینووەتی‌و برسیەتی‌و گەرما دەگرێت، بەڵام ئەم بەستەزمانە كە لەش زل‌و پێ‌پانە لەگەڵ ناوچەی ساردو شاخاوی‌دا ناگونجێت كەجێگەی بەرهەم هێنانی تووتنە. لەكوردستانی عێراقدا خەلكی بەدەگمەن ووشتریان دیوە، لەكوردستانی گەورەش‌دا وشتر كەمتر هەبووە. هۆی گواستنەوەی سەرەكی لەناوچە شاخاوی‌یەكاندا هێسترە كەوڵاخێكی دوو رەگی نەزۆكە چونكە لەدوو جۆری جیاواز پەیدا بووە، هێزی ماین‌و ئارامی نێرەكەری تێداكۆكراوەتەوە. زۆربەی زانایانی ئاژەڵناس بەپێی بەلگە مێژوویی‌یەكان لەم باوەڕەدان كە بۆ یەكەم جار هێستر لەسەر دەستی كوردان‌و لەكوردستان‌دا بەپەڕینی نێرەكەر لەماین‌دا كەوتووە نەزۆكە هەر لەم روانگەوە مەسەلۆكەكی دیكە هەیە دەڵێت (نەچاندی لەنەزای بكەی. نەزای لەنەنووستی بدەی)؟ خوێ ناچێندرێت لەهێستر باربكرێت هێستری باڵەبانیش كەنازێت لەئاوی رووباری بپەڕێنێتەوە كەئاوەكە هەردەم لەرۆیشتن‌دایەو ناخەوێت. بۆ مێژوو بڵێین كەمەتەڵەكەی مامۆستا باجەلان لەلایەن (بڕەك ئەیوبیان لەساڵی ١٩٨٢ لەمەتەڵەی كوردی ل١٤) بەم شێوە بڵاوكرابۆوە.

(زەردی زەعفەران، نایان لەوشتران، بردم بۆ كافران)؟

٥- (چوومە سەر دارەكی. سەد سینگم بڕی بەجارەكی، یەكم وەدایێ دا، یەكم لەكایێ كوتا)؟ (رۆشنبیری نوێ/٣٣٦). كوانێ (٩٨) سینگەكەی ماوە؟ راست‌و رەوانترە كەدەڵێن (چوومە ناو دارو بارەكی، چوار سنگم بڕین بەجارەكی، دووم كوتا كایێ، دووم دا دایێ). ئەمانە لەكۆڕی مەتەڵ هەڵهێنان دەگوترێن. بەڵام هەڵهێنانی تێدا نی‌یە. بەلكو جۆرە پێشبڕكێ‌یەكی لێك نزیك بوونەوەی وشەكان‌و پیتەكانن. كەزمان رەوانی‌و دەمراستی‌و زیرەكی تێدا بەدیار دەكەوێت. هەروەك دەڵێن (میوانەكمان هات. دایكم نۆ نانی دایێ، نۆ گای دایێ) بەدووبارەو سێبارە كردنەوەی دەقەكە بەخێرایی، تەتەڵەو زڵڵەی زمان پەیدا دەبێت‌و لەكابراو لەدایكی كابرا دەقەومێ. دانیشتووەكانیش بەتێ كەوتن هەڵەكردنەكە تێر پێكەنین دەبن‌و دەبێتە گاڵتەو گەپێكی خۆش‌و كات بەرێ كردن.

٦- (**گەنمە نێریەكی پرچن پرچن. هەر پرچم گرت‌و لێی هەلاتم. پرچی گرتم‌و لێی هەلاتم**) (رۆشنبیری نوێ ل٣٣٦) وە (فۆلكلۆر ل٣٤). لەهەردووكیان بەهەڵەی چاپ داناندرێت، من ئەم دەقەم ئەوها بیستووە (گەیشتمە نێریەكی پرچن. هەر پرچم گرت‌و هەڵیهاتمێ، هەر پرچم بەرداو هەڵیهاتمێ) یان دەڵێن (چوومە چۆمەكی بەنیسك، گەیمە نێریەكی بەتیسك. هەر تیسكم گرت‌و هەڵی هاتمێ، هەر تیسكم بەرداو هەڵی هاتمێ).

ئەمەشیان دەچێتەوە بابەتی پێشبڕکێیەکی پێشتر باسمان کرد. تێبینیم لەسەر دەقەکەی مامۆستا:(گەنمە) نییە گەیمەتە گەیشتمە)یە، (پرچی گرتم) نییە (پرچم گرت)ە چونکەنێری وانە (تەگە) پرچی مرۆ ناگرێت (هەڵی هاتمێ) مەبەست سوار بوونە، چونکە تەگە سواری بزن دەبێت! هەتەڵەی نییەو تەتڵە کردنی زمانە.

٧- ( **مەیلەکم هەیە مەیلانە. لەناو بوخچەی سوڵتانە. لەبۆ رۆژی تەنگانە** ) (رۆشنبیری نوێ ل٣٤٠) وەڵام: منداڵە لەناو سگی دایکیدا، مەتەڵەکە پێشتر چەند جار بلاوکرایتەوە کەدەقەکانیان بەپێزترو پڕ واتا ترن بۆ نموونە (چتێکم هەیە لەچتانە، وا لەبوخچەی سوڵتانە، خوا نەبێ هیچ کەس نەزانە)؟ (رۆژی کوردستان ژ ٦٣). (چشتێك هەیە چشتانی، لەناو بوخچەی سوڵتانی، خودا نەبی کەس نایزانی)؟ (رۆشنبیری نوێ ژ ٩٤) (مەیلەکم هەیە مەیلانی لەناو بوخچەی سوبحانی، خودا نەبی کەس نایزانی).(فاتح). منداڵ کە لەناو سگی دایکیەتی سگەکە بەبوخچەی خودا داندراوە، تەنها خوداش لەکاتی دروست بوونی منداڵەکە دەزانێت نێرە یان مێیە کەسێکی دیکە جگە لەخوا ئەم نەهێنیە نازانێت، بەڵام منداڵ لەناو سگی دایکی داناندرێت بۆ رۆژی تەنگانە وەك پارەی سپی لەناو خەزێنەدا بۆ رۆژی رەش بێت!

٨- ( **پیاوی یان میاوی** ) (فۆلکلۆریە ل٤٠).

٩- ( **خوشکی یان مشکی** ) (فۆلکلۆر ل٤٠). لەگەڵ مەتەڵدا نێوانیان ئاسمانو رێسمانە، ئەگەر ئەمانە مەتەڵ بن (سەرمایە یان گەرمایە، هەڵبژاردنی تێدایە، زۆر جۆرە مەتەڵی دیکەش دیتەکایە).

١٠- **ئەگەر ( فڕی فڕی قەل فڕی)** جۆرێك بێ لەمەتەڵ ئەوا چاوشارکێو خەجەڕۆ پینەو پەڕۆش دەبنە مەتەڵ ئەوانیش یاری منداڵانن. خۆ خلە لەبلەی کەمتر نییە. فڕی فڕی قەل فڕی گەمەیەکی منداڵانەو نووسینێکی خوا لێخۆشبوو مەلا محمدی کۆییە، خوا لێخۆشبوو گیو موکریانی لەناملکەیەکدا چاپی کردبوو، وە مامۆستا محمد کریم شریف دووبارە لە(فۆلکلۆری یارییەکانی کوردەواری)دا لەسەری نووسیوە.

١١- ( **هەولێر... ئەتۆ رێوی ئەمن شێر** ) (رۆشنبیری نوێ ل٣٣٩).

١٢- ( **بازێڕ... ئەتۆ پاقڕ ئەمن زێڕ** ) (ل٣٣٩).

١٣- ( **رێ... ئەتۆ جۆگە ئەمن زێ** ). (ل٣٣٩).

١٤- ( **یەك دەم.. دوو دەم.. بەسەر دەیاندا پاز دەدەم** ).

هەڵهێنانو بیرکردنەوەیان تێدا نییە، پەیوەندیو خزمایەتی دوورو نزیکیان لەگەڵ هیچ جۆرە مەتەڵێکدا نییە. چیرۆکی کۆسە کۆسانیو... بلێ جوو. لەکیسەت چوو... جۆرێکن لەم مەتەڵە تازە بابەتانە.

مامۆستا دەفەرموێ:(لێکۆڵنەوەیەکی قوڵو وردو زانستیانەم کردووە) منیش دەڵێم تەنها بۆ بلاوکردنەوە یەك مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی نەك لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل پێویستە سەر بەسەر هەموو ئەم سەرچاوانە دابگرین کەپەیوەندیان بەمەتەڵی فۆلکلۆری کوردییەوە هەیە بەتایبەتی ئەوەی من بیزانم نزیکەی (٤٠) سەرچاوەیەك دەبێت جگە لەسەرچاوەکانی زانستی فۆلکلۆر بەگشتی مامۆستا نە پەنجەی بۆ راکێشاونو نەبەکاریشی هێناون.

١٥- مامۆستا دابەش کردنی مەتەڵی کردووتە دووبەش. بەشی یەکەم بۆ پێنج جۆرو بەشی دووەم بۆ دە جۆر. بەبۆچوونی من دابەش کردن بەپێی بابەتو خزمایەتیو نزیکایەتی مەتەڵەکان لەگەڵ یەکتریدا لێکۆڵینەوەکە سەرکەوتوو تر دەکاتو تێکەڵاو کردنو شێواندنی دەقەکانیش کەمتر دەکاتەوە. بەراورد کردنو هەڵسەنگاندنیشیان ئاسانتر دەبێتو باری ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو زیرەکیو بیروباوەڕی میللەتەکە رونتر دەنوێنن.

١٦- نموونە هێنانەوەشی بۆ هەر جۆرێك لەجۆرەکانی کەمامۆستا دابەشی کردووە هەندێکیان لەگەڵ دابەشکردنەکەدا ناگونجێن، جگە لەوەی کەمامۆستا کەمتر دەقی پوختو بایەخداری لەبەردەست دابووە بۆ هەڵبژاردنیان وەك نموونە ئەمانەی خوارەوەش مشتێکن لەم خەروارەدا: أ (مەیلەکم هەیە مەیلانە، لەناو بوخچەی سوڵتانە. لەبۆ رۆژی تەنگانە). لەگەڵ مەیل مەیلانێ جۆری نۆیەم ناگونجێ. مەیل مەیلانێ وا نییە. لە(فۆلکلۆری یارییەکانی کوردەواری/ل١٢٢) مەیل مەیلانێ بەدرێژی باسکراوە، منیش دەمەوێت کورت بڕی بکەمو دووبارە درێژی نەکەمەوە، تەنیا هەبوونی وشەی (مەیل) کەبەواتای مەتەڵیش دێت رەوا نییە مەتەڵەکە بخەینە خانەی گەمەی مەیل مەیلانێ.

ب- هەردوو مەتەڵە عەرەبییەکەی (ل٣٦٦و ل٣٣٧)ی رۆشنبیری نوێ دەکەونە بەر یەك جۆرو لەیەکدی جیا ناکرێنەوە.

جـ - مەتەڵەکەی مەلا مەسعودی بێ بەش (هەڵهێنێك ئەڵێم لەشەش پیتانە، دەرئەچێ هەر مانگ لەم کوردستانە. پیتی یەكو دوو بەچوار پێ ئەدرێ، وا ئەبێ کاری دیشی پێ نەکرێ...هتد) وەڵام گۆڤاری (کاروان)ە. ناچێتە سەر ئەدەبی تەمو مژاوی. بەڵکو مەتەڵێکی رووتی نووسراوی سەردەمە، مامۆستا گۆڕانو بێ کەسو کاردۆخی.. لەم بابەتە مەتەڵانەیان زۆرە..

د - بەڕای من ناوەڕۆکی مەتەڵەکە کەمو زۆر نیشانەی ناوونیشانی (مەتەڵی فۆلکلۆری کوردیو پەیوەندی بەئەدەبو هونەری تەمو مژوای ئەمڕۆ مانەوە) نەپێکاوە، زۆریشی کورت کردووە، ئەگەرچی تەمو مژ لەئەدەبدا شتێکەو چەند مەبەستی تایبەتی خۆی هەیەو، مەتەڵیش شتێکی دیکەیە.



Scanned by CamScanner